دیدارێکی کورت و بە سوود
کۆبوونەوەی دووقۆڵیی پارتی سەربەستیی کوردستان (پ.س.ك) و پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

پارتی سەربەستیی کوردستان (پ.س.ك) و پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) لە یەکەم کۆبوونەوەی رەسمییاندا ڕۆژی 1 ی گەلاوێژی 2708 ی کوردی و بەرامبەر بە 23.7.2008 زاینی بە دیداری یەك شاد بوون. شاندی پارتی سەربەستیی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا پێک هاتبوون لە بەرێزان کاک عارف باوەجانی سکرتێری گشتی پارتی سەربەستیی کوردستان (پ.س.ك) و کاک ئەمیر ئەحمەدی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی.
هەروەها هاورێیانی شاندی پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستان پێک هاتبوون لە بەڕێزان کاک ڕێبوار ڕەشید وکاک نەبی زەندی و کاک مەسعود فەریقی ئەندامانی پ س د ک.
کۆبوونەوەکە نێزیکەی دوو کاتژمێری خایاند و هەردوولا باسی دۆخی ئێستای کورد و کوردستان و هاوکاریی ئایینده‌یان کرد. لەوێدا دەرکەوت کە زەمینەیەکی لەبار بۆ هاوکاریی ئێستایی و ئاییندەیی هەیە، چ لەسەر ستراتیژی کوردستانیبوون و چ لەسەر هەندێك خاڵگەلی سیاسەتی ناوخۆی کوردستان سەبارەت بە دادوەریی کۆمەڵایەتیی، پرسی ئافرەتان و خوێندن و تەندروستیی و هتاد.
هەردوولا بڕیاریان دا لە پێوەندیەکانیاندا بەردەوام بن و هەوڵ بدەن پردێك بۆ نێزیکبوونەوەیەکی نیشتیمانیی دامەزرێنن.

پارتی سەربەستیی کوردستان (پ.س.ك)
پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
٢٠٠٨/٧/٢٣